# ئیسلام و کۆیلایەتی

## ڕوونکردنەوەی گومانێکە کە ناحەزانی ئیسلام دەیانەوێ بەهۆیەوە ڕۆڵەکانی لێ بتۆرێنن

نووسینی

**د. حەسەنی پێنجوێنی**

**چاپی دووەم**

**١٤٤٣هـ ٢٠٢٢م**

## ئیسلام و کۆیلایەتی

لە ڕاستیدا ئەم گومانە چەپەڵترین شتێکە کە ناحەزانی ئیسلام بۆ هەژاندنی عەقیدەی لاوان بەکاری دێنن و دەڵێن: "ئەگەر - وەك ئیسلامییەکان دەڵێن- ئیسلام بۆ هەموو سەردەمێك بگونجایە، هەرگیز ڕێی بە مانەوەی کۆیلایەتی نەدەدا و حەرام نەکردنی کۆیلە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوە کە ئیسلام بۆ سەردەمێکی دیاریکراو هاتووە و لەو سەردەمەدا دەوری خۆی بینیوە، وڕۆیشتۆتە گەنجینەی مێژووەوە."
خودی لاوە ئیماندارەکەیش هەندێ گومانی بۆ دروست دەبێ، و دەڵێ: ئەرێ لە ڕاستیدا ئیسلام چۆن کۆیلایەتی حەڵاڵ کردووە؟! ئەو ئایینەی هیچ گومان لەوەدا نییە کەخوا ناردوویەتی، گومان لە ڕاستییەتیدا نییە، و بۆ خێری هەموو مرۆڤایەتی و هەموو بەرەکانی هاتووە، دەبێ چۆن کۆیلایەتی حەڵال کردبێ؟ ئەو ئایینەی کەلەسەر بەرابەری و یەکسانیی تەواو دامەزراوە، و هەموو مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە، بۆ یەك بنەما، و لەسەر ئەو یەکسانی بوونە لە بنەمایەکی هاوبەشدا، مامەڵەیان لەتەکدا دەکات، چۆن کۆیلایەتی کردۆتە بەشێك لەسیستەمەکەی، و یاسای بۆ داناوە؟!

ئایا خوا دەیەوێ خەڵکی بۆ هەمیشە ببنە دوو بەشەوە: ئاغا و نۆکەر؟ ئایا ئەوە ویستی خودایە لەسەر زەویدا؟ ئایا خودا ڕازی دەبێ بۆ ئەو مرۆڤەی کە خۆی دروستی کردووە و ڕێزی لێ گرتووە، هەروەك خۆی دەفەرموێت: ' ولقد کرمنا بنی آدم "، کۆمەڵێکیان بکرێتە کاڵا، و کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت؟ وەك ئەوەی کە لەتەك کۆیلەدا دەکرێ؟ خۆ ئەگەر خوا بەوە ڕازی نییە، بۆچ لە قورئان و نامە پیرۆزەکەیدا بە دەقێك حەرامی نەکردووە، هەروەك قومار و شەراب و ڕیبای حەرام کردووە؟!(١)

زۆر کەس دەپرسێ و دەڵێ: ئەرێ ئێوە دەڵێن: ئیسلام ئایینێکە داوای یەکسانی دەکات، و ئیسلام ڕێزی کەس بەسەر کەسدا نادات. جا ئەگەر یاسایەکی ئاوهایە، بۆ ددانی بە بوونی کۆیلە (عبد)دا ناوە؟! کەی نرخی مرۆڤایەتی بۆ کۆیلە دادەنرێ؟!

لە وەڵامدا دەڵێین: ئێمەش پرسیارێ لە تۆ دەکەین: ئایا کاتێ ئیسلام هات، سیستەمی کۆیلایەتی هەبوو یان نە؟

حەتمەن ئەگەر تۆزەقاڵێ خویندەواریی هەبێ دەڵێ: بەڵێ، هەبوو. چونکە لەئاینی جوو (یەهوود)دا دانی پیا نراوە وەك لەکتێبی پیرۆزیانداعەهدول قەدیم لە سیفری تەسنییەدا و لە ئیسحاحی بیستەمدا و لە ئایەتی ژمارە دەیەمدا دەڵێت: "هەرکاتێك نزیك بوویتەوە لەشارێك، بۆ ئەوەی شەڕی لەگەڵدا بکەیت، بانگی بکە بۆ ڕێکەوتن. ئەگەر لەگەڵتدا ڕێکەوت، و بۆت گیرا، هەموو ئەو گەلەی کە تیایەتی بۆت هەیە کاریان پێ بکەیت و بیانکەیتە ژێردەستە و کۆیلە."

زیاد لەوە ئایینی فەڵە -مەسیحی- یش ددانی پیادا ناوە. لەئیسحاحی شەشەم، ئایەتی ٥-٦ لە عەهدولجەدیددا هاتووە: "ئەی کۆیلەکان ئێوە فەرمانبەرداری ئاغاکانتان بن، بەگوێرەی لەش بەترسولەرزەوە، بەپێی دەربڕینی قەشەکانیان کۆیلایەتی بەهۆی تاوانەوەیە. "ئەمە لەناو ئایینەکانی پێش ئیسلامدا، خۆ لە نیوەدوورگەی عەرەبیدا کۆیلایەتی زۆر باو بووە، کاتێ کە ئایینی ئیسلام هات، ئەم کێوە گەورە و کۆسپە گرانەی لەبەردەما بووە. چارچییە؟ چۆن لەناوی ببات؟ ئیسلام لەبەر ئەوەی یاسایەکی خواییە، و خوایش لە سروشتی مرۆڤ باشتر شارەزایە، لە هەموو یاساکانیدا بۆ جێگیربوونیان هەنگاو بەهەنگاوی بەکار هێناوە. ئەمە شتێکی سروشتییە بۆ لەناوبردنی کۆیلایەتیش هەمان شێوە بەکار بهێنێت.

**سەرچاوەی کۆیلایەتی**

ئێستا با بزانین سەرچاوەی کۆیلایەتی چی بووە و چۆن پەیدا بووە؟ ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین ئەمانەی خوارەوە سەرچاوەی بەکۆیلەکردن بوون:

١- هۆزێك یا نەتەوەیەکی دیاریکراو باو بووە کە بکرێن بە کۆیلە.

٢- بەهۆی نەبوونییەوە باوك منداڵەکەی خۆی فرۆشتووە، و کراوە بە کۆیلە.

٣- هەندێ کەس لەبەر ئەندازەیەك پارە و پووڵ وازی لە ئازادی خۆی هێناوە و یا لەبەر مەبەستێکی تایبەت خۆی فرۆشتووە و کراوە بە کۆیلە.

٤- قەرزدار کاتێ نەیتوانیوە لەکاتی خۆیدا قەرزەکەی بداتەوە، کراوە بەکۆیلە.

٥- بەهۆی چەتەیی و ڕێگرییەوە، چەتەکان هەروەك ڕێبوارەکەیان ڕووت دەکردەوە، خۆیشیان بۆ شوێنێکی دوور دەبرد و لەوێ دەیانفرۆشت و بەوجۆرە دەکرا بە کۆیلە.

٦- کەسێك یەکێکی بەناهەق بکوشتایە یا دزی بکردایە یا لەگەڵ ژنی پیاوێکی ناوداردا دەستی تێکەڵ بکردایە، دەکرا بە کۆیلە.

٧- دیلی جەنگ ئەنجامی بەکۆیلەکردن یا کوشتن بووە.

٨- میراتی کەنیزەك، کەنیزەك لە هەرکەس مارە بکرایە، منداڵەکەی دەکرا بە کۆیلە. مێردەکەی ئاغاکەی بوایە یا کەسێکی تری ئازاد بوایە منداڵەکەی دەکرایە کۆیلە.

بەم هەشت جۆرەی کە باسمان کرد، ڕۆژی سەدان و بگرە هەزاران کەس دەکرایە کۆیلە.

ئیسلام هەرچەند بە راشکاوی و یەکسەر سیستەمی کۆیلایەتی لەناو نەبرد، بەڵام چەندەها ڕێی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە گرتەبەر.. بۆ نموونە:

لەو هەشت سەرچاوەیە شەشی پێشوویانی بەتەواوی قەدەغە کرد، مایەوە سەر میرات و شەر، ئەم دوانەشی هەندێ دەستکاری کرد، بۆ مەسەلەی میراتی، ئەو منداڵەی لەخاوەن کەنیزەکەکە ببێت بەئازادی لەدایك دەبێت، و لەپاش مردنی ئاغاکە دایکەکەش ئازاد دەبێت.. و ئەمە پێی دەگوترێ دایکی منداڵ.(ام الولد).

بۆ مەسەلەی شەڕیش ئەگەر موسوڵمانان لەنێو خۆیاندا کردیان بەشەڕ ئەوە بەکۆیلەکردنی حەرام کردووە، ئەگەر لەگەڵ دوژمنانی کافرا بوو، ئەوە ڕێی پێ داوە بەڵام ئازادکردنی پێ پەسەندە.

**ئیسلام چەندین وەسیلەی بۆ نەهێشتنی کۆیلە دانا:**

بەڵێ، بەم جۆرە ئیسلام کە هات لەسەدا نەوەدی سەرچاوەی بەکۆیلەکردنی وشك کرد، ئەو دەیەش چەندەها وەسیلەی تری بۆ نەهێشتنی دانا، وەك:

**یەکەم**: سزایەکی ماڵی لەسەر ئەوکەسانە دانا کە تاوانێك دەکەن، وەك ئەمانەی خوارەوە:

**ئـ - سوێند خواردن بەدرۆ**، ئەوەی سوێند بەدرۆ بخوات، لەکەفارەتی ئەو تاوانەیا دەبێ ژەمە خواردنی مامناوەندی دە هەژار بدات، یا بەرگی دە هەژار بکات، یا کۆیلەیەك ئازاد بکات، ئەگەر نەیبوو سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێت، ئەوە کەفارەتی سوێندێکە کە ناراست بێت. لا يُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَـكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ (٢)

**ب- ئەوەی لەرۆژی رەمەزانا لەگەڵ خێزانیا جووت بێ:** بەقەستی رۆژووی شکاند و لەگەڵ خێزانیا کاری ژن ومێردایەتی کرد، لەکەفارەتی ئەوتاوانەیا دەبێ ئەگەر هەیبوو کۆیلەیەك ئازاد بکات، ئەگەر نەیبوو بۆی سووك دەکرێ، وەك لەم فەرمودەیەدا باسکراوە: لەرەمەزاندا پیاوێك بەکرداری جینسی لەتەك خێزانەکەیا رۆژووەکەی شکاندبوو، پێغەمەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی پێکرد بەئازاد کردنی کۆیلەیەك کەفارەتی ئەو تاوانەی بدات، یا دوو مانگی رەبەق لەسەر یەك بەرۆژووبێت، یاژەمە نانی شەست هەژاری نەدار بدات، کابرا گوتی: نیمەو ناتوانم. سەبەتەیەك خورمایان بۆ پێغەمەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێنا، فەرمووی برۆ بیبەخشەرەوە بەسەر خەڵکیدا، عەرزی کرد قوربان! کەسێك پێ نازانم لەخۆم موحتاج تربێ؟ پێغەمەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وا پێکەنی کە ددانەکانی تەنشت چوارینەی پێشی دەرکەوتن، وفەرمووی: برۆ خۆت بیخۆ، واتە: بیدە بە ماڵ و منداڵەکەت. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَجُلاً أَفْطَرَ فِي رَمَضَانَ فَأَمَرَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُكَفِّرَ بِعِتْقِ رَقَبَةٍ، أَوْ صِيَامِ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ أَوْ إِطْعَامِ سِتِّينَ مِسْكِينًا، فَقَالَ: لا أَجِدُ، فَأُتِيَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِعَرَقِ تَمْرٍ، فَقَالَ: خُذْ هَذَا فَتَصَدَّقْ بِهِ. فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا أَجِدُ أَحْوَجَ مِنِّي، فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى بَدَتْ أَنْيَابُهُ، ثُمَّ قَالَ: كُلْهُ (٣).

**ج - ئەگەر** بەخێزانەکەی گوت: **پشتی تۆ وەك پشتی دایکمە..** دەبێ کۆیلەیەك ئازاد بکات. وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ (٤)..

**د- ئەگەر بەهەڵە کەسێکی کوشت،** وەك ئەوە ترومبێلەکەی لێ دەخورِی و مرۆڤێك بەراکردن هات و بووبە ژێرەوەو مرد.. دەبێ کۆیلەیەك ئازاد بکات. و ئەو شۆفێرە ناکوژرێتەوە، بەڵام ئەگەر کەس وکاری کوژراوەکە لێی خۆش نەبون دەبێ خوێنەکەی بدات. وەك قورئان دەفەرموێ: وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَئًا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى

أَهْلِهِ إِلَّا أَن يَصَّدَّقُواْ .(٥) سەیید قوتب خوای لێ رازی بێ لە دادگەری کۆمەڵایەتیدا قسەیەکی جوان لەشەرحی ئەو ئایەتەدا دەکات، کە ئەمە دەقەکەیەتی: ئەوەی بەهەڵە کوژراوە، گیانێکی ئادەمییە، و کەسوکارەکەی لەدەستیان داوە، هەروەك کۆمەڵگایش ئەو ئەندامەی بە ناحەق لەکیس چووە، لەبەر ئەوە ئیسلام بڕیاری داوە لەدوو لایەنەوە قەرەبووی بۆ بکاتەوە، قەربوو بۆ کەسوکارەکەی بەوەی خوێنێکی تەواویان بدەنێ، و قەرەبوویش بۆ کۆمەڵگا بە ئازادکردنی کۆیلەیەکی ئیماندار! وەك ئەوە ئازادکردنی کۆیلە زیندوو کردنەوە بێت بۆ نەفسێکی ئادەمی، تا قەرەبوو بێت بۆ ئەو نەفسەی بەکوشتنی هەڵە رۆیشتووە..

لەروانگەی ئیسلامەوە کۆیلایەتی مردنە، یا هاوچەشنی مردن، لەگەڵ ئەو هەموو زەماناتەی بۆ کۆیلەی دابین کردووە، لەبەر ئەوە هەموو هەلێك دەقۆزێتەوە بۆ زیندووکردنەوەی کۆیلەکان ئەویش بە ئازادکردنیان (٦)...

**دووهەم: یەکسانکردنی مافی مرۆڤی کۆیلە** لەتەك مافی مرۆڤی ئازادا، بەپێی دەقی فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) (٧) وەك:

**ئـ - یەکسانییان لەخوێندا**، ئەوەتە: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: مَنْ قَتَلَ عَبْدَهُ قَتَلْنَاهُ. (٨) واتە: موسوڵمانان خوێنیان وەك یەکە، ئەوەی کۆیلەیەك بکوژێ لەتۆڵەیا دەیکوژینەوە.

**ب – کارێکی پێ نەکرێ کە لەتوانایا نەبێ**، و ئەگەر داوای کارێکی وای لێکرا، دەبێ خاوەنەکەی یارمەتی بدات. وَلا تُكَلِّفُوهُمْ مَا يَغْلِبُهُمْ فَإِنْ كَلَّفْتُمُوهُمْ فَأَعِينُوهُمْ (٩)

**ج- دەبێ خاوەنەکەی پۆشاکێکی لەبەر بکات کە خۆی لەبەری دەکات.** وَلْيُلْبِسْهُ مِمَّا يَلْبَسُ .(٩)

**د- دەبێ لەخواردنەکەی خۆی دەرخواردی ئەویش بدات:** فَمَنْ كَانَ أَخُوهُ تَحْتَ يَدِهِ فَلْيُطْعِمْهُ مِمَّا يَأْكُلُ .(٩)

**هـ - نابێ ئازارو ئەشکەنجە بدرێ** ، ئەگەر تاوانێکی کرد دەبێ یاسا سزای بدات، نەك خاوەنەکەی عَنْ سَمُرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: مَنْ قَتَلَ عَبْدَهُ قَتَلْنَاهُ، وَمَنْ جَدَعَهُ جَدَعْنَاهُ، وَمَنْ أَخْصَاهُ أَخْصَيْنَاهُ. (١٠) . واتە: ئەوەی کۆیلەکەی بکوژێ دەیکوژینەوە، و ئەوەی لووتی ببڕێ لووتی دەبڕینەوە،و ئەوەی بیخەسێنێ، دەیخەسێنینەوە..

**سێیەم: هەڵنانی موسوڵمانان بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان،** وەك ئەو فەرموودانەی کە پێغەمەر (صلى الله عليه وسلم) لەوبارەوە فەرموویەتی:

١- "هەرکەسێك پیاوێکی موسوڵمان، یائافرەتێکی موسوڵمان ئازاد بکات، و لەکۆیلەیی رزگاری بکات، خوا بەهەموو ئەندامێکی ئەو ئازادکراوە، ئەندامێکی ئەو لەئاگری دۆزەخ رزگار دەکات".. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ مَنْ أَعْتَقَ رَقَبَةً مُسْلِمَةً أَعْتَقَ اللَّهُ بِكُلِّ عُضْوٍ مِنْهُ عُضْوًا مِنَ النَّارِ "(١١).

٢- ئەوەی کۆیلەیەکی موسوڵمان ئازاد بکات خوابۆی دەکاتە بریتی لەئاگری دۆزەخ. عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ الْجُهَنِيِّ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ مَنْ أَعْتَقَ رَقَبَةً مُسْلِمَةً فَهِيَ فِدَاؤُهُ مِنَ النَّارِ" (١٢)

**چوارەم: زیاد لەمانە هەمووی** بەشێکی گەورەی لە گەنجینەی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ ئازادکردنی کۆیلە دیاری کردووە، وەك ئەوە کە خوا دەفەرموێ: إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ، وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (١٣) واتە: زەکات لەلای خواوە فەرزکراوە بدرێ بە هەژار ونەدار وئەوانەی کار لەکۆکردنەوەی زەکاتدا دەکەن، وبۆ دڵ

رامکردنی ئەوانەی تازە موسوڵمانن، و بۆ کڕین وئازادکردنی کۆیلە، و بۆ قەرزداران، و لەرێی خوادا، و بۆ رێبواران. خوایش ئاگادارە بەکردەوە کانتان و کاربەجێیە لەو دیاریکردنەدا..

لێرەدا دەپرسین: "ئایا کۆیلەیەك لەو بەرگە لەبەر بکات کە ئاغاکەی لەبەری دەکات، و لەو خواردنە بخوات، کە ئاغاکەی دەیخوات، و کارێك نەکات لەتوانایا نەبێت، و ئەگەرکارێکی وایکرد ئاغاکەی دڵگرانکرد لێی نەدات، و ئەگەر زڵـلـەیەکی لێدرا دەبێ ئازاد بکرێت،(١٤) ئایا ئەوە کۆیلەیە یا رۆڵەی نازداری ئەو خانەوادەیە؟!!"

دەبێ بڵێین: ئیسلام بەم شێوەیە قۆناغێکی گواستنەوەی لەنێوان کۆیلایەتی و ئازادی تەواودا دروستکرد.. خۆ ئیسلام دەیتوانی یەکسەر فەرمانی ئازادکردنیان دەربکات، بەڵام چ ئەنجامێکی ناهەمواری دەبوو؟!

بێگومان کۆیلە ئازادکراوەکان هیچ تامێکی ئەو ئازادییەیان نەدەچێشت، چونکە تەنیا بەناو ئازاد دەبون، و لەراستی و ناوەرۆکدا هەر بەندە و کۆیلە دەبوون، هەروەك واقیع ئەمەی سەلماند، ئەوەبوو کاتێ (ئەبرەهام لەنکۆلن)ی سەرکۆماری ئەوسەردەمەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فەرمانی بە ئازادکردنی هەموو کۆیلەکان دەرکرد، فەرمانەکە دەرچوو، کۆیلەکان بەناو ئازاد بوون، بەڵام ئایا لەراستیدا ئازادبوون؟ ئایا ئەمە ئازادییە: نابێ کۆنە کۆیلەکان لە قوتابخانەی ئاغاکانیاندا بخوێنن؟! و نابێ لەو پاسەدا سواربن، کە یەکێ لەئاغاکانیانی تیا سواردەبێت؟! و نابێ لەچێشتخانەیەکدا نان بخۆن، کە یەکێ لەئاغاکان نانی تیا دەخوات؟! ئەمە ئازادییە؟ ئەگەر یەکێ لە کۆنە ئاغاکان بەبەرچاو پۆلیسەوە کۆنە کۆیلەیەکی گرت، و دایە بەر شەق و شەللاق، پۆلیس بۆی نەبێ فریای بکەوێ، و لەژێرچنگی رزگاری بکات؟! ئایا لەواقیعدا ئەو دیمەنانە دیمەنی ئازادییە، یاهەر کۆیلایەتییە؟!

بەڵێ، ئیسلام ئەگەر یەکسەر سیستەمی کۆیلایەتی هەڵبوەشاندایەتەوە، ئەو ئەنجامە ناهەموارەی دەبوو، کە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەفریقای باشوور و روودیسیا و چەندەها شوێنی تریش رووی دا..

بەسسام جەڕار قسەیەکی جوانی هەیە، و دەڵێ: شتێکی ئاسان نییە خەڵکی لەم سەردەمەدا هەست بەوە بکەن، چۆن کۆیلەکان پێبەند بوون بە یاسای ئەوسەردەمەی کۆیلایەتییەوە، ئەو پێی وابووە کەجۆرێك لەرەوشت بەرزییە ئەگەر پێبەند بێ بە یاساو کاڵچەری کۆمەڵگاکانیەوە، پاش ئەوەی کەبەدیل گیرا، رازی نەدەبوو هەڵبێ، و بگەڕێتەوە بۆ ناو قەوم وکەسەکانی، چونکە ئەمە پێچەوانەی رەوشتی سوارچاکە!! و بگرە ئەگەر هەڵبهاتایەو بگەڕایەتەوە بۆ ناو کەس وکارەکەی بەسووك سەیریان دەکرد، چونکە کۆیلەیەکی نمەك نەناسە و هەڵهاتووە!! ئەمە ببوە هۆی ئەوە پێبەند بێت بەرەوشت وباوی قەومەکەی خۆی، ومیللەتانی دەورو بەری، ئەم باو و نەرێتەش وای کردبوو، کە کۆیلە قەناعەتی بە پابەندبوون بەکۆیلایەتییەوە هەبێت، و بۆی ببیتە باوەڕێکی پتەو، ئەمەش کارەکەی زۆر ئاڵۆز کردبوو، لەبەردەم هەرکەسێکدا کە بیویستایە ئەو واقیعە بگۆڕێت، کەوابووو لەسەرەتاوە پێویستە گۆڕانکاری لە بۆچوون و بیرکردنەوەی خەڵکیدا بکرێ هەموو خەڵکی، تەنانەت خودی کۆیلە کانیش، پاشان چارەسەر بۆئەو کێشەیە بدۆزێتەوە، کە لەئەنجامی بوونی کۆیلە لەهەموو ماڵێك وکێڵگەیەك و بازاڕێك و هەموو کۆمەڵگایەکی بەشەرییەوە بەدیهاتووە، جا ئایا لەدنیادا هیچ زانایەکی کۆمەڵناس هەیە بتوانێ وبڵێت: تەنیا بە بڕیارێکی لای سەرەوە، ئەم گۆڕانە دروست دەبێت؟! (١٥)

بەڵام ئیسلام لە چارەسەر کردنە کانیدا بەرنامەی هەنگاو بەهەنگاو و لەسەرخۆی بەکارهێناوە، و بۆ لەناوبردنی سیستەمی کۆیلایەتیش باشترین رێگەی گرتە بەر، و چاکترین وەسیلەی بەکار هێنا، تا بەخەڵکی بسەڵمێنێ کە ئەوەی ئێستا کۆیلەیە دوێنێ ئازاد بووە، و هیچی لەتۆ

کەمتر نەبووە، و سەرچاوەکانی وشك کرد، و خەڵکی هەڵنا بۆ ئازاد کردنیان، و زیاد لەوەش سیستەمی موکاتەبەی دانا، کەئەوانەی دەسیان تێ ناچێ بەبێ بەرامبەر ئازدیان بکەن، کۆیلەکان بۆیان هەیە داوای ئازادی لەخاوەنەکانیان بکەن، و لەبەرامبەرەوە پارەیەکیان بدەنێ، ئەوکاتە ئاغاکەی بۆی نییە سەرپێچی بکات، و دەوڵەتی ئیسلامیش هەروەك باسمان کرد بەشێك لە گەنجینەی خۆی بۆ ئازاد کردنی ئەوانە تەرخان کردووە.. هەروەك پێشتر باسمان کرد، کە قورئان دەفەرموێ: إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللهِ، وَاللهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (١٣).

ئەگەر ئەو لادانە نەبوایە کە لەسەردەمی هەندێ لە پاشاکانی سەردەمی ئەمەوییەکانا رووی دا، هەزارساڵ لەمەوبەر لەجیهانی ئیسلامیدا کۆیلە نەدەمایەوە..

###

## پەراوێزەکان:

(١) شبهات حول الإسلام. محمد قطب.

(٢) سورة المائدة/٨٩.

(٣) أخرجه الإمام مالك في موطأه في كتاب الصيام/باب كفارة من أفطر في رمضان، برقم: ٥٨٢.

(٤) المجادلة/٣.

(٥) النساء/٩٢.

(٦) العدالة الإجتماعية في الإسلام. سيد قطب.

(٧) شبهات حول الإسلام. محمد قطب.

(٨) أخرجه النسائي في كتاب القسامة/باب القود من السيد للمولى، برقم: ٤٦٥٥، وأبوداود في كتاب الديات/باب من قتل عبده أو مثل به، برقم:٣٩١٤.

(٩) أخرجه البخاري في كتاب الإيمان/باب المعاصي من أمر الجاهلية. برقم: ٢٩

(١٠) أخرجه النسائي في كتاب القسامة/باب القود من السيد للمولى، برقم: ٤٦٥٥، وأبوداود في كتاب الديات/باب من قتل عبده أو مثل به، برقم:٣٩١٤.

(١١) أخرجه البخاري في كتاب كفارات الأيمان/باب قوله تعالى أو تحرير رقبة، برقم:٦٢٢١.

(١٢) أخرجه أحمد في مسند الشاميين، برقم: ١٦٧١٧.

(١٣) التوبه/٦٠ .

(١٤) عَنْ ابْنَ عُمَرَ قَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: مَنْ لَطَمَ مَمْلُوكَهُ، أَوْ ضَرَبَهُ فَكَفَّارَتُهُ أَنْ يُعْتِقَهُ أخرجه مسلم في كتاب الأيمان/باب صحبة المماليك و كفارة من لطم عبده. برقم: ٣١٣٠ .

(١٥) الإسلام والرق كتيب صغير لبسام جرار.